حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

(ISO 9001:2015)

ژمارە: ٩٨٠٦ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ كوردی
العدد:
التأريخ: ١٦ / ٤ / ٢٠٢٣

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣

### هەمواری یەکەمی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل و ماتۆرسکیلی هاوردەکراو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەری گشتی گومرگ و کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ و بەڕێوەبەرانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم: هەموارکردنەوەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٧) لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**ئۆتۆمبێلی بەکار هاتوو دەبێت ئەم کەموکوریانەی خوارەوەی نەبێت.**

١- ژێر ئاوکەوتوو، سوتاو و بڕاوە نەبێت.
٢- شاسی بڕاوە نەبێت.
٣- توکمەی دەرگا یان بانی بڕاوە نەبێت.
٤- گشت ئێرباگەکانی پێش تۆمارکردن کاربکات.

**دووەم: زیادکردنی خاڵەکانی (٧ و ٨ و ٩ و ١٠ ) لە بڕگەی دووەم لە لەماددەی(٧) لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:**

٧- لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان کۆمەڵگەی چاکردنەوەی ئۆتۆمبیل بەشێوەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت (Public–private partnership) بە پشتبەستن بە پاشکۆی (هـ) لە ڕێنمایی گرێبەستە حکومییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ دروست دەکرێت و دەبەسترێتەوە بە بەڕێوەبەری گشتی گومرگ لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٨- لیژنەیەکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی ناوخۆ و دارایی و ئابووری چوارچێوەی ئیداری و تەکنیکی ئەو کۆمەڵگەیە دادەڕێژن و بە بەیانێک بڵاو دەکرێتەوە.

٩- هەمان لیژنەی هاتوو لە خاڵی (٨)ی سەرەوە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژە پێشکەشکراوەکان دەکات و باشترین هەڵدەبژێرێ.

١٠- جێبەجێکاری پرۆژە بەلایەنی کەم دەبێ ڕێژەی ٢٠%ی داهات بداتە گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی دووەم: هەموارکردنەوەی ماددە (٩) خاڵی (٣) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**٣-** بڕوانامەی (COC) بۆ ئۆتۆمبێلی بە کارهاتوو دەبێت لەو وڵاتەی کە لێی هاوردە کراوە بۆ هەرێمی کوردستان یان لە خاڵە سنوورییەکان بکرێت.

**ماددەی سێ یەم:**

**یەکەم:** کار بەهیچ ڕێنمایی و بەیان و بڕیار و نووسراوێک ناکرێت دوای کەوتنەبەرکاری ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیـــری ناوخـــۆ


ناونیشان: هەرێمی كوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ: info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفون: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
13/ 04/ 2023
( Burhan )

وێـنەیەك بـۆ : -

- نوسینگەی بەرێز وەزیر/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەرێز بریکاری وەزارەت / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە ، لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ب.گشتی دیوان + ب.گشتی گومرگ/ بۆکاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی پلاندانان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکان / بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا...
- بەرێزان راوێژکاران ( )/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەرێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆکاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- بەرێوبەرایەتی گشتی ئاسایش / بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس / بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- فەرمانگەی یاسایی
- ب.راگەیاندن و پەیوەندییەکان / بۆ کاری پێویست.
- ب.مۆڵەت پێدان و کۆمپانیا ئەمنیەکان
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd

العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ژ.تەلەفون:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢

Address: Kurdistan Region-Iraq
www.moi.gov.krd

13/ 04/ 2023

( Burhan )